# شانۆی شەقام.. تەکنیک و نمایش

حەمەسوار عەزیز

(٢ - ٢)

**نمایشە کوردییەکانی فیستیڤاڵی مەریوان**

ئەم بەشەی وتارەکەم تایبەت دەبێت بە چەند نمایشێکی کوردی کە لە فیستیڤاڵی شانۆی شەقامی مەریوان و دەربەندیخان، سێ نمایشی کوردی شاری مەریوان وەک نموونە وەردەگرم و قسەیان لەسەر دەکەم.

یەکەم نمایش شانۆیی (ئایینە زندەگی) لە دەرهێنانی فارووق حەسەن پوور بوو، ئەم نمایشە لە ڕووی بیرۆکەوە یەکێک بوو لە باشترین نمایشە شانۆییەکانی مەریوان، نمایشەکە باس لە ئاریشەکانی لادێیەکی نزیک شاری مەریوان دەکات کە زبڵ و خاشاکی شاری مەریوان بۆ نزیک ئەو لادێیە دەبرێت و لەوێ فڕێ دەدرێت.

نمایشەکە خەڵکی ئەو ناوچەیە وێنادەکات کە نوقمی خۆڵ و خاشاک بوون و ڕەنگی ئەو خاشاکەیان هەڵگرتووە و خۆیان و منداڵەکانیان تووشی دەیان نەخۆشی ترسناک بوون و ژینگەی گوندەکەیان بەتەواوی پیس بووە و کەڵکی ژیانی تێدا نەماوە.

گرنگی ئەو بیرۆکەیە لەوەدایە کە ئاریشەکە هەر بەردەوامی هەیە و هەردوو لایەنی ململانێیەکەش لە شوێنی نمایش ئامادەییان هەبوو، ئەمە یەکێکە لە ئارمانجەکانی شانۆی شەقام کە قسە لە کێشە و گرفتی ئامادەبووان و تەماشاکەرانی نمایش بکات و هەوڵ بدات گرفتەکە ڕووبەڕووی خۆیان بکاتەوە و خۆشیان هەوڵ بدەن چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

ئەم نمایشە وەک وتم لە ڕووی بیرۆکەوە زۆر گرنگ و جوان بوو، بەڵام لە ڕووی میکانیزمی دروستکردنی نمایش زۆر لاواز و سادە و یەک ڕەهەند بوو، نمایشێکی لەو شێوەیە کە باسی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو ناوچەیە بکات، هەر تاکێکی ئەو شوێنەش کە وەک تەماشاکەر وەستا بوون بەشیان هەیە و هەبووە لە دروستکردنی ئەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی ئەو دێیە بووەتەوە، کە کراوەتە



**دیمەنێک لە شانۆیی «خەمی نان»**

عەمباری خۆڵ و خاشاکی شاری مەریوان، نابێ ئەو نمایشە بەبێ بەشداری تەماشاکەرانی نمایشەکە کە ڕەنگە خەڵکی هەردوو جەمسەری کێشەکەی تێدا بێت، نمایشەکە دروست بکات و نمایش هەر لە دەستی نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەردا بمێنێتەوە، دەکرا ئەو نمایشە بکرێتە نموونەی ئەو شانۆییانەی کە لە شەقام دروست دەکرێن و وەزیفەی نمایشەکە ئەوەبوو کە بیرۆکە و بابەتەکە بجووڵێنێت و دواتر لە ڕێگەی کەسێکی لیدەرەوە، جا حەکایەتخوان بێت، یان لیبوک، یان هەر کارەکتەرێکی تر بینەرانی نمایشەکە بخاتە نێو کەشی نمایش و ئەوان وەک دوو لایەنی کێشەکە دیالۆگەکان بەڕێوە ببەن و هەوڵ بدەن چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە بدۆزنەوە، بەڵام بەداخەوە نمایشەکە نەیتوانی لە حاڵەتی نەرێنی خۆی بچێتە دەرەوە و دەرگای بەشداریکردن بۆ تەماشاکەرانی بکاتەوە، ئەمەش فاکتەرێکی سەرەکی کوشتنی نمایش و باش تەوزیف نەکردنی بیرۆکەی نمایش بوو کە نەیتوانی ئەو ئامانجە بەدەست بێنێت کە لە نمایشێکی هاوشێوە چاوەڕێ دەکرێت.

نمایشی دووەم کە هەم لەڕووی بیرۆکە و هەمیش لەڕووی تەوزیفکردن گرنگ بوو، نمایشی شانۆیی (خەمی نان) لە دەرهێنانی سۆران حوسێنی بوو، ئەم نمایشە باسی لە یەکێک لە گەرمترین بابەتەکانی ژیانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد، ئەویش کۆڵبەری و ئەو مەترسییەی لەسەر ژیانی خەڵکی کۆڵبەر هەیە کە لەپێناو دەسکەوتنی پارووەیەک نان بەدیواری مەرگدا هەڵدەگەڕێن و سەودا بەژیانی خۆیان دەکەن.

ئەم بابەتە زۆر گرنگە بۆ شانۆی شەقام لە شارێکی وەک مەریوان و زۆربەی شارە کوردییەکانی سنوور، کە دەکرێت هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، چونکە ئەمە بابەتی گەرمی ئەو چەند مانگەی دوایی و ڕۆژانی بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵ بوو، ڕۆژانە دەمانبیست کە کۆڵبەرێک، یان زیاتر دەبوونە قوربانی فیشەکی پاسەوانانی سنوور، ڕۆژانە لە پێناو نانێک، یان پێداویستییەکی سادەی ڕۆژانە ژیانێک دەبووە قوربانی.

زۆر لە تەماشاکەرانی نمایشیش کەسێک، یان زیاتریان وەک کۆڵبەر کاریان دەکرد و هەندێکیش کەسەکانیان بوونەتە قوربانی، یان لە داهاتوودا پرۆژەی قوربانی بوون، ئەمەش وای کرد بوو کە زۆربەی تەماشاکارانی نمایشەکە نەوەک هەر تێکەڵی کەشوهەوای نمایش بن، بەڵکو لەوەش زیاتر هەمووی بە فرمێسکی گەرم و چاوی تەڕ و گەرووی پڕ زووخاوەوە ئاوێتەی نمایشەکە بووبوون، مرۆڤ لەبەردەم ئەم نمایشەدا هەستی دەکرد کورد وەک میللەتێکی ستەمدیدە چەندە ئینسان و ژیاندۆست و قوربانیدەرە، لەبەرانبەردا دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی چەندە دڵڕەق و وەحشیگەر و نەفامن.

لە ساتەکانی نمایش هەموومان بووبووین بە کۆڵبەر و سەموونێکی گەورە بەسەر پشتمانەوە بوو، ئەو سەموونەی کە لە کۆڵی ئەکتەرێکی نمایشەکە بوو و لە ژێریدا دەچەمایەوە، لەو ساتەدا بەسەر پشتی هەموو تەماشاکەرانەوە بوو، هەموومان هەستمان بەو ئازارە قورسە دەکرد کە ڕەنگە هەڵگرتنی سەموونێک دروستی بکات.

چەندان وێنەی تر کە نمایشەکە هەڵیگرتووە، بۆ نموونە خەوبینین بە کارگەیەک کە بتوانێت دەرفەتی کار بۆ خەڵکی بێکار دابین بکات و چیتر لە پێناو بەدەستهێنانی بژێوێکی سادەی ڕۆژانە ژیانیان نەخەنە بەردەم ڕەشەبا و زریانی مەرگەوە.

کارکردن لەسەر سۆزی بینەر لە شەقامدا لە شوێنی خۆیدا زۆر گرنگە، بەتایبەتی بۆ فیستیڤاڵێکی نێونەتەوەیی کە دەیان خەڵکی بیانی و وڵاتان ئامادەی دەبن، تەنانەت بۆ خودی خەڵکی ڕووناکبیر و مرۆڤدۆستی ئێرانییش گرنگە کە ببینن براکان و هاونیشتمانیان لە چ ڕەوشێکی نامرۆڤانەدا ژیان بەسەر دەبەن و چۆن بۆ پەیداکردنی نانێک بەڕووی مەرگدا هەڵدەشاخێن.

جوانترین و کاریگەرترین ساتەکانی نمایشیش ئاوێتەکردنی ئەو گۆرانییەی نەجمەددینی غوڵامی بوو کە وشەکانی وەک چەقۆیەکی ئەڵماس دڵی تەماشاکەرانی دەئەنجنی:

**من ئەو کەسەم هەموو ڕۆژێ..هەی ژین هەی ژین**

**ژیانی ئەمڕۆم دەفرۆشم... بۆ کڕینی نانی سبەی لێم ناکڕێ خاوەنی نان...لێم ناکڕێ**

وەک نمایشەکەی پێشتر لاوازترین خاڵی ئەم نمایشە بەشداری نەکردنی تەماشاکەرانی بوو وەک ئەکتەر و دروستکەری ڕووداو، هەرچەندە من پێم وایە هۆکاری سیاسی لەپشت ئەمەوە بوو نەبادا نمایشەکە ببێتە فاکتەرێک بۆ تەقینەوەی دۆخەکە و خۆپێشاندان و دروستبوونی ئاڵۆزی، چونکە بەم حاڵەوەش خەریکبوو نمایشەکە کاردانەوەی گەورەتری لێ بکەوێتەوە و هەستی مەزلوومیەتی خەڵکی مەریوانی بەڕادەیەک بەرزکردەوە کە تەقینەوە و کاردانەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا.

نمایشێکی تری فیستیڤاڵی مەریوان شانۆیی (پەیکەری شار) لە نواندن و دەرهێنانی موختار موحەمەدی بوو، ئەم نمایشە بە یەکێک لە نمایشە گرنگەکانی فیستیڤاڵ دەژمێردرێت، چونکە زۆر لەو بنەمایانەی تێدایە کە دەکرێت لە شانۆی شەقام هەبێت، بەتایبەتیش تەرزی دووەمی شانۆی شەقام، واتە ئەو نمایشەی کە لە شەقام دروست دەکرێت.

نمایشەکە لە ڕێگەی ئەکتەرێکەوە کە هەندێک جار وەک حیکایەتخوان دەردەکەوێت هەوڵ دەدات سەرێک بۆ پەیکەری شار دابنێت، ئەو پەیکەرەی تەنیا جەستەیە و پێویستی بەسەرێکە بۆ ئەوەی پێناسەی خۆی بکات و بەو سەرە بناسرێتەوە.

لە ڕێگەی گریمانەکردنی ئەو سەرەی کە ڕەنگە بخرێتە سەر ئەو پەیکەرە، حیکایەتخوان کۆمەڵێک کارەکتەری کوردی کە دیار و بەرچاون و دەکرێت وەک شانازی پەیکەریان بۆ دروست بکرێت بە بینەر ئاشنا دەکات، لەوەش زیاتر زۆرجار داوا لە بینەر دەکات کە ئەوان سەرێک بۆ پەیکەرەکە پێشنیار بکەن کە شایستەی ئەوەیە بخرێتە سەر پەیکەری شار، لەم نێوانەدا حیکایەتخوان گوزەر بەسەر کۆمەڵێک کارەکتەری کوردی دەکات کە دەکرێت وەک شانازی نەتەوەیەک مامەڵەیان لەتەک بکرێت، لەوانە نووسەر و هونەرمەند و پێشمەرگە و گەریلا و کۆڵبەر و شەهید و چەندان کارەکتەری تر.

ئەوەی گرنگە لەو نمایشە پانتایی بەشداریکردنی بینەرە لە ڕێگەی بوونی حیکایەتخوانێکی بزۆک کە دەتوانێت تەماشاکەر بجووڵێنێت و هەوڵ بدات بەشدارییان پێ بکات و دیالۆگیان لەگەڵ دروست بکات، هەرچەندە لەو نمایشەشدا هێشتا پەراوێزی بەشداریکردنی بینەر لە ئاستی پێویستدا نییە و دەکرا زیاتر بینەر وەک ئەکتەر و بەشدار لە دروستکردنی ڕەوتی نمایش کارا بکرێت.

نابێ ئەوەشمان لەبەرچاو نەبێت کە ئەو نمایشە و زۆرینەی نمایشەکانی تر لە چوارچێوەی فیستیڤاڵ نمایش کراون و هەوڵیان داوە خەڵات ببەنەوە، بۆیە بۆ ئەوەی کوالێتی نمایش لە ڕووی هونەرییەوە بپارێزێت، ناتوانێت نمایش بخەیتە بەر دەستی بینەر و بینەر ببێتە دروستکەری نمایش، ئەمەش یەکێکە لە خەوشەکانی دروستکردنی فیستیڤاڵێکی شانۆیی بۆ شانۆی شەقام، چونکە لەو کاتەدا هەمووی لە هەوڵی ئەوەدایە سەرنجی لێژنە ڕابکێشێت و نمایشێکی هونەری بە کوالێتییەکی بەرز دروست بکات، کە لە کاتی نمایشکردنی لە شەقام هەموو ئاکارەکانی خۆی بپارێزێت و ڕێگە نەدا لەڕێی بەشداریکردنی بینەر بەشێک لە کوالێتی ئیشەکەی دابەزێت.

**مەلی دەریا لە شەقامەکانی مەریوان**

بوونی هەر نمایشێکی شانۆیی لە شەقام کارێکی ئاساییە ئەگەر هەڵگری پێداویستییەکانی بینەری شەقام بێت، مەلی دەریا کە یەکێکە لە چوار شانۆییە بەناوبانگەکەی نووسەری جیهانی (ئەنتۆن چیخەف) لە فیستیڤاڵی شانۆی مەریوان لە لایەن گرووپێکی شانۆیی وڵاتی ئۆکراینی لە کەنار دەریاچە جوانەکەی زرێبار بۆ دوو ئێوارە بە ئامادەبوونی بینەرێکی یەکجار زۆر نمایش کرا، منیش وەک میوانێکی فیستیڤاڵ دەرفەتی ئەوەم هەبوو هەردوو جار نمایشەکە ببینم و چەند ڕستەیەکی لە بارەیەوە بڵێم.

سەرەتا پرسیاری ئەوەم لادروست بوو ئایا شیاوە نمایشێکی وەک مەلی دەریای چیخەف لە شەقام پێشکەش بکرێت؟

پێش ئەوەی لە ڕێگەی خودی نمایشەکەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێ ئەوە بڵێم کە مەلی دەریا وەک تێکستێکی شانۆیی لەوە دەرچووە کە تەنیا وەک شانۆنامەیەکی ڕووسی سەیر بکرێت، بەڵکو ئەو تێکستە و سێ تێکستە شانۆییەکانی تری چیخەف توانیویانە هەموو سنوورەکان تێپەڕێنن و ئێستا وەک کەلەپوورێکی جیهانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و هەموو میللەتانی دنیا دەتوانن کەڵک لەو تێکستانە وەربگرن و لەچوارچێوەی جوگرافیا و کولتووری خۆیاندا مامەڵەیان لەگەڵ بکەن.

لە وڵاتی ئێمەش چەندان جار ئەو شانۆنامانە بەشێواز و فۆرمی جیا جیا نمایش کراون و بینەری شانۆی ئێمەش ئاشنایەتی باشی لەگەڵ ئەو کەلەپوورە نێونەتەوەییە



**دیمەنێک لە شانۆیی «کارگەی لەیل و مەجنوون»**

هەیە.

پێشکەشکردنی ئەو نمایشەی وڵاتی ئۆکرایین لە فیستیڤاڵی شانۆی شەقامی مەریوان، دەچێتە ئەو چوارچێوەیەی کە پێشتر لە تەرزەکانی شانۆی شەقام ئاماژەم پێ دا، ئەویش ئەو نمایشانەن کە بۆ سەر شەقام دروست دەکرێن، بەو مانایەی شەقام لایان دەبێتە ئەڵتەرناتیڤی هۆڵ و هەوڵ دەدەن نمایشەکەیان بەشێوەیەک بچنن کە بۆ بینەری شەقام گونجاو بێت و تایبەتمەندییەکانی شانۆی شەقام، یان سەر شەقامی تێدابێت.

دەرهێنەر لەو نمایشەدا هەموو دیالۆگەکان لادەبات و هەوڵ دەدات بەدرێژایی نمایش وەرگێڕانێکی بینراو (ترجمة بصرية) بۆ تێکستەکەی چیخەف بکات و لە رێگەی جووڵە و ئاماژە و جلوبەرگ و ئێکسسوار و موزیک و رووناکی فۆرمی کارەکتەرەکانی مەلی دەریا وێنا بکات و لەچەند وێنەیەکی شانۆیی واقیعی فەنتازی چیرۆکی ئەو نمایشە بە بینەر بگەیەنێت، بەو واتایەی کە دەرهێنەر پەنا بۆ فۆرمی تەجرید و دووبارە دارشتنەوەی تێکست لە فۆرمێکی هونەری ئاڵۆز نابات، بەپێچەوانەوە دەرهێنەر زۆر مەبەستیەتی کە چیرۆک و پێناسەی کارەکتەرەکان، بە ئاسانترین شێوە بەبینەر بگات و بینەر لە مەغزای نمایش و ئەو فۆرمە تێبگات کە وەک ئەڵتەرناتیڤی وشە هەڵیبژاردووە، ئەو دەزانێ کە سەختە بینەری مەریوان لە زمانی وشە و دیالۆگ تێبگەن، بۆیە هەوڵ دەدات رێگەیان بۆ کورت بکاتەوە و لە رێگەی وەرگێرانی وێنەیی مژار و بیرۆکەی نمایشەکەی بە بینەر بگەیەنێت.

من پێم وایە بوونی ئەو نمایشە بەو فۆرمە وێنەییە رەنگە قبووڵکراو بێت بۆ بینەرێک کە شارەزایی لە تێکستەکانی چیخەف هەبێت و بتوانێت کارەکتەرەکان بناسێتەوە و لە مەغزای جووڵە و ئاماژەکانیان تێبگات، بەڵام بۆ بینەرێکی وەک مەریوان کە من پێم وایە زۆرینەیان کەسانی ئاسایی و خێزان و ژن و منداڵن، سەخت بوو لە چیرۆکی ئەو نمایشە تێبگەن و کارەکتەرەکان بناسنەوە و پێیان ئاشنا بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی من بینیم ئاوێتەبوونێکی جوان و جددی بینەری ئەو شانۆییە بوو بە نمایشەکە و هەوڵدانی جۆراوجۆر هەبوو بۆ لێکدانەوەی رووداوەکان و پێناسەکردنی کارەکتەرەکان و دروستکردنی چیرۆک بۆ نمایشەکە.

بۆیە ئەگەر ئاشنا نەبونی بینەری شەقامی مەریوان بە چیرۆکی مەلی دەریا لە سەرەتادا وەک خاڵێکی لاواز خۆی نیشان دابێت، ئەوە بەدرێژایی نمایش و تێپەربوونی ساتەکانی نمایش، هەمان خاڵ دەبێتە خاڵی بەهێزی نمایش و بینەر وا لێ دەکات لە جێگەی چیرۆک و کارەکتەرەکانی مەلی دەریای چیخەف، هەوڵ بدات کە چەندان چیرۆک و کارەکتەری تازە بۆ نمایشەکە لە هزری خۆیدا دروست بکات و فۆرمی نمایشەکەی بەسەردا تاقی بکاتەوە، ئەمەش لایەنێکی زیندووی هونەری شانۆییە کاتێ هەوڵ دەدات لە رێی فۆرم و سیمبول و ئاماژەکانەوە، جیهانی تاک مانایی تێکست تێپەڕێنێت و بینەر بەسەر دەروازەی فرە مانایی و لێکدانەوەی جیاواز بکاتەوە و هەر بینەرە هەوڵ بدات بە پێی مەعریفە و پاشخانی خۆی، چیرۆک و کارەکتەر و نمایشی تایبەتی خۆی هەبێت.

ئەم حاڵەتەش لە بۆشاییەوە سەرچاوە ناگرێت، بۆیە تەنیا ئەو نمایشانە دەتوانن ئەم وەزیفەیە ئەدا بکەن کە لە بنیاددا هەڵگری ئەو حاڵەتە سیحرییەن و دەتوانن بەسەر مانا و فۆرمە تەقلیدییەکاندا باز بدەن و نمایش لە دەستەمۆبوون بەدەست ئامانجی دیاریکراو و روون دەرباز بکەن و بینەر بکەن بە خاوەنی چیرۆک و کارەکتەری نمایش.

بە بڕوای من ئەم نمایشە لە رووی هونەری و فەنتازیاوە نمایشێکی سوپەر نەبوو، بەو مانایەی نمایشێک کە بتوانێت تووشی شۆک و تێرامانی قووڵمان بکات و دەیان پرسیارمان لا دروست بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نمایشە نمایشێکی وێنەیی بارگاوی کراو بە کۆمەڵێک ئاماژە و جووڵەی هونەری کە دەیویست چیرۆکێکی شانۆیی بۆ بینەرێکی ئاسایی شەقام بگێڕێتەوە، لەمەشدا توانی ئەو ئامانجە بپێکێت، بەتایبەتیش کە لە فۆرمدا هەوڵ درابوو هەندێک کەرەستە

و ئایکۆنی ڕۆژهەڵاتی وەک ئاگر و دووکەڵ و مەشخەڵ، ئاوێتەی نمایش بکرێت و نمایشەکە ببێتە ئاوێتەیەک لە کۆمەڵێک ئایکۆن کە هەردوو کۆمەڵگای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بەیەکەوە گرێ بداتەوە.

## کارگەی لەیل و مەجنوون

نمایشی (کارگەی لەیل و مەجنوون) بەرهەمی وڵاتی ئێران و شاری بروجەرد بوو، بەبڕوای من بێ ڕکابەر باشترین نمایشی فیستیڤاڵی مەریوان بوو، دوای نمایشەکە یەکسەر بە هاوڕێکانی خۆم وت ئەمە باشترین نمایشی ئەم فیستیڤاڵەیە، تەنانەت پێش ئەوەی نمایشەکانی دواتری فیستیڤاڵەکەش ببینم ئەو ڕایەم لا دروست بوو، ئەوەش لەبەر یەک هۆکار ئەویش ئەوەبوو کە ئاستی هونەری ئەم نمایشە بەشێوەیەکی بەرچاو لە سەرووی نمایشەکانی ترەوە بوو، من پێم وابوو نمایشەکانی دواتریش ناتوانن ئەو ئاستە هونەرییە تێپەڕێنن، بەڕاستیش هەروا دەرچوو، لە ڕۆژی کۆتایی فیستیڤاڵیش ئەم نمایشە حەوت خەڵاتی بردەوە کە زۆرینەی خەڵاتە یەکەمەکانی فیستیڤاڵ بوون.

ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین چ جیاوازییەک لەم نمایشەدا هەبوو کە وای کرد کێبڕکێی هونەری بەو شێوەیە بەرزبێتەوە و هەموو نمایشەکانی تر تێپەڕێنێت.

یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ئەم نمایشە ئەوەبوو، ئەم نمایشە تایبەت بۆ شەقام دروست کرابوو، بەشێوەیەکی بەرچاو زۆرینەی ئەو ڕەگەزە بنەڕەتییانەی تێدابوو کە پێویستە شانۆی شەقام وەک تەکنیک پشتیان پێ ببەستێت، دەستپێکی ئەم شانۆییە لە ڕووی دەنگەوە بە گۆرانییەکی تایبەت دەست پێ دەکات کە ئەکتەرەکان بەشێوەی کۆرس دەیڵێنەوە، تەنانەت پێش ئەوەی نمایش دەست پێ بکات بینەر بە هۆی ئەم گۆرانییەوە سەرنج دەدات و بەدوای سەرچاوەی ئەو گۆرانییە جیاوازە دەکەوێت، کە ئەکتەرەکان دەریش دەکەون، دەبینین لە ڕووی جلوبەرگ و ماکیاژەوە تەواو جیاواز و سەرنجڕاکێشن و بینەر بەخۆیانەوە سەرقاڵ دەکەن.

بەڵام لە هەموو ئەوانەش گرنگتر ئەو فۆرمەیە کە شانۆکە دروستی دەکات بەهۆی چوار ئەکتەری کوڕ و کچێکەوە، کۆمەڵێک پێکهاتە و وێنەی هونەری جوان و سادە دروست دەکەن کە هەریەکێک لەو وێنانە وەزیفەی گرنگی لەبەرەوپێشبردنی ڕووداوەکانی نمایش هەیە و هەر وێنە و پێکهاتەیەکیش لەوەی تریان جیاوازە و لە فۆرمێکی هونەری ناوازە و بەکەمترین ئێکسسوار و بەهۆی جەستەی ئەکتەرەکانەوە و جووڵە هارمۆنییەکانیان دروست دەکرێت، ئەوەی زۆر گرنگیشە ئەوەیە کە ئەو جووڵە و پێکهاتانە ئەگەرچی لە فۆرمێکی هونەری بەرزدان و بینەر شاگەشکە دەکەن، بەڵام لە ڕووی لێکدانەوە و تێگەیشتن زۆر ئاسانن و مانای جیاواز هەڵناگرن، ئەمەش بنەمایەکی گرنگە لە شانۆی شەقام کە وێنەکان بۆ بینەر ڕوون و ئاسان بن، بەڵام خاڵی نەبن لە جوانی و داهێنان و سەرنجڕاکێشان.

خاڵێکی تری بەهێزی ئەو نمایشەیش ڕیتمی نمایش و ئیقاعی جووڵە و بەرەو پێشبردنی درامایە، یەکێک لە بنەما گرنگەکانی شانۆی شەقام، داڕشتنەوەی ڕیتمی نمایشە لە سیاقێکی گونجاو کە هەم خێرابێت و چێژبەخش بێت، هەمیش فۆرمێکی هونەری هەبێت و بیرۆکەکان بە ئاسانی بگەیەنێت، ئەم نمایشە بە پشت بەستن بە گۆرانی و موزیک و جووڵەی خێرا و میکانیزمی گواستنەوە لە وێنەیەک بۆ وێنەیەکی تر، لە ڕێگەی بەکاربردنی جەستە و دەنگی ئەکتەر، توانی ئیقاعێکی زۆر گونجاو بۆ فۆرمی نمایش دروست بکات و بینەر بە شێوەیەکی موگناتیسی بە نمایش ببەستێتەوە و بێزار نەبێت و هەست بە ماندوو بوون نەکات، ئەگەرچی بینەری شانۆی شەقام لە ڕووی جەستەوە بینەرێکی ماندووە، بەڵام تەنیا و تەنیا نمایشی داهێنەرانە و باڵا دەتوانن وا لە بینەر بکەن کە کاتی نمایش بیری لای جەستەی نەبێت و هەموو هەستەوەرەکانی بە نمایش و فۆرمی نمایش گرێ بداتەوە.

کۆمیدیاش ڕەگەزێکی تری گرنگی دروستکردنی فۆرمی ئەم نمایشە بوو، بەڵام کۆمیدیا بە مانا و تێگەیشتنە جوانەکەی و خاڵی لە هەموو زیادەڕۆیی و گوشارکردن بۆ بە پێکەنین هێنانی بینەر، ئەو کۆمیدیا بابەتییەی کە نمایش لە هەناویدا هەڵیگرتووە و کۆمیدیایەکی ڕەسەنە و پێویستی بە هیچ گوشارێک نییە تا بینەر دڵخۆش بکات، کۆمیدیایەک کە دەنگ و جەستە و دیالۆگ بەیەکەوە دروستی دەکەن و لە هەر پێکهاتەیەکدا فۆرمێکی جیاواز و زیندوو دەخەنەڕوو، لەوەش گرنگتر کۆمیدیاکە تەنیا بۆ پێکەنین نییە و لە خستنەڕووی جددی بابەتێکی گرنگی ژیانی مرۆڤەکان خاڵی بێت، ئەوەی من لەو نمایشە بینیم جددیترین کۆمیدیا بوو، کۆمیدیایەک جگە لەڕووە شیرینەکەی، تەژی بوو لەو وێنە ئازاردەرەی هەڵگری ئەو ئێشوئازارانەن کە لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتیدا هەیە و مرۆڤەکان بەدەستیانەوە گیرۆدە بوون.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم نمایشە لەوە خاڵی نەبوو کە وا لە تاکی ئێرانی بکات شانازی بە وڵاتەکەیەوە بکات و هەوڵ بدات تاکێکی کاریگەر بێت تێیدا و هەمیشە بیری لای بەرژەوەندی تایبەتی خۆی نەبێت، بەقەد ئەوەی بەشێوەیەکی ڕوونتر و وێنەکە لە چوارچێوە گەورەکەی خۆیدا ببینێت کە شانازیکردن و ئینتیمابوونە بۆ وڵاتێک کە پێویستە هەمیشە ئاوەدان بێت و لە پێشکەوتندا بێت، ئەم جۆرە نمایشە دەتوانێت هەردوو وەزیفەکە بپێکێت، هەم ڕەخنەی جددی هەبێت و بوێرانە دەست بخاتە سەر برینەکان و پەردە لەسەر ناشیرینییەکان هەڵماڵێت، هەمیش وا لە مرۆڤ بکات کە هەستی ئینتیما بوون لەدەست نەدات و شانازی بە وڵاتەکەی و بەرهەمەکانی بکات ئەگەر کوالێتییەکەشی لە ژێر کوالێتی بەرهەمی وڵاتانی تر بێت، چونکە لە کۆتاییدا بەردەوامبوونی بەرهەمهێنان لە وڵات وا دەکات هەلی کار بۆ سەدان کەس دابین بکات و ئارامی زیاتر ببەخشێتە کۆمەڵگا و دڵەڕاوکێکان کەم بکاتەوە.

## دوو نمایش لە فیستیڤاڵی شەقامی دەربەندیخان پەیامی دوو جەنگاوەر

یەکێک لەو نمایشانەی کە بووە مایەی جەدەلێکی زۆر دوای نمایشکردنی، شانۆیی (پەیامی دوو جەنگاوەر) بوو، ئەم شانۆییە بیرۆکەی کاست و دەرهێنانی نەهرۆ مەلا محەمەد و نواندنی کەمال عەلی و نەهرۆ مەلا محەمەد و سەرپەرشتیاری گشتی ئامانج ئیبراهیم بوو، بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی سلێمانی بوو، کە لە یەکەمین ئێوارە فیستیڤاڵ لە پارکی شار نمایش کرا.

دوای نمایشەکە جەدەلێکی جددی دروست بوو، ئایا ئەو نمایشە دەکرێت وەک شانۆی شەقام پێوانە بکرێت و شیانی ئەوەی هەبێت لە فیستیڤاڵ بەشداری بکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ بۆ چەمکەکانی شانۆی شەقام و واقیع و مێژووی ئەم شانۆیە بگەڕێینەوە، ئایا دەگونجێت نمایشێکی هۆڵ لە سەر شەقام نمایش بکرێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم، بەڵێ دەکرێ نمایشێکی هۆڵ لەسەر شەقام نمایش بکرێت و بینەریش چێژی لێ وەربگرێت، بەڵام بە مەرجێک خودی نمایشەکە ئەو بنەمایانەی تێدا بێت کە بتوانێت لە شەقام زیندەگی بکات و توانایی ژیانی هەبێت، مێژووی شانۆی جیهانیش پڕە لەو نموونانەی کە دەیان شانۆیی نووسەرە دیارەکانی وەک شکسپیر و چیخەڤ و بیکێت و نووسەرە کلاسیکییەکانی یۆنان، لە دەرەوەی هۆڵەکان و لە شوێنە گشتییەکان نمایش کراون.

شانۆی سەرشەقامیش بەو مانایە نایەت کە دەبێ نمایشەکە تەنیا لەسەر شەقام نمایش بکرێت و نابێ لە پارک، یان چایخانە، یان نەخۆشخانە، یان گەراجی ئۆتۆمۆبیل، یان هەر شوێنێکی تر، وەک ئەوەی برادەرێک ئەوەی کردبوو بە پێوەر، شانۆ کاتێ لە هۆڵ دێتە دەرەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبێتە نموونەیەکی شانۆی شەقام، بەڵام مەرج نییە ئەم نموونەیە نموونەیەکی باو بێت، وەک ئەوەی ماکس ڕاینهارت لەسەر لووتکەی چیاکان شانۆیی فاوست نمایش دەکات، یان لە شانۆیی موعجیزە هەموو شارەکە دەکاتە سەحنەی شانۆ و ئەکتەرەکانی دەخاتە سەر بورجی کڵێسەکان و شانۆکەی هەموو شارەکە دەگرێتەوە.

پەیامی دوو جەنگاوەر، باسی دوو جەنگاوەر دەکات کە پێدەچێت پاشماوەی جەنگن و خواردن و خۆراکیان لا نەماوە و برسێتی تەنگیان پێ هەڵدەچنێت و هەوڵ دەدەن ئەو کەلوپەلانە بفرۆشن کە هەیانە، هەندێ لەوانە ئەو کەلوپەلە قورسانەن کە هی هاوڕێ کوژراوەکانیانە، بەم شێوە ململانێ لە نێوان خۆیان و جارێکی تریش لەگەڵ بینەر دروست دەکەن.

یەکەم کێشەی ئەم نمایشە کە تێی دەکەوێت ئەوەیە کە دەرچوونیەتی لە میتودی کات و شوێن لە شانۆدا، لەم نمایشە کات و شوێنی نمایش هەمان کات و شوێنی بینەرانی نمایش نییە، کاتی نمایش نەزانراوە و شوێنەکەش پێدەچێت چۆڵەوانی، یان کۆنە ڕەبییەیەکی سەربازی بێت کە هیچ جۆرە خواردنێکی لێ نییە، بۆیە لەم نمایشە زەمەنی کارەکتەر و زەمەنی بینەر دوو زەمەنی جیاوازە، کارەکتەر ناتوانێت ڕاستەوخۆ دیالۆگ لەگەڵ بینەر بکات، چونکە بینەر لە شارێکی ئاوەدانی وەک دەربەندیخانە، کارەکتەریش سەربازی جەنگە لە چۆڵەوانییە، ئەوەتا بە هەموو لایەکدا دەگەڕێت شتێکی دەست ناکەوێت کە برسێتی خۆی پێ بشکێنێت.

هەر بۆیە ئەگەر ئەکتەر بیەوێت لەو نمایشە دیالۆگ، یان پێوەندی لەگەڵ بینەر دروست بکات، دەبێ لە کەڤەری سەرباز بێتە دەرەوە و بېێتەوە بە کەمال عەلی، یان نەهرۆ مەلا محەمەد کە ئامادەن لەنێو بینەران و لە فیستیڤاڵی دەربەندیخان نمایشیان هەیە، ئەمەش بە هیچ شێوەیەک ڕوونادات.

هەمان پێوەریش بۆ پرسی شوێن هەیە، ئەگەر شوێنەکە

دەربەندیخانە نابێ ئەو سەربازانە لەو پارکە لە برسا بمرن، چونکە خەڵکی ئەوێ دەتوانن کۆمەکیان بکەن و نانێکیان پێ بدەن، بۆیە کاتێ یەکێک لە بینەرەکانی نمایش کێکی پەتاتە دەدات بە یەکێک لە سەربازەکان، سەربازەکە وەریدەگرێت، بەڵام نایخوات، چونکە ئەو دەبێت تا کۆتایی نمایشەکە برسی بێت و نمایشەکە وا نووسراوە کە ئەوان لە شوێنێکن خواردنی تێدا دەستناکەوێت.

دیالۆگ کردن و پێوەندی بەستن لەگەڵ بینەر لەم نمایشەدا هەڵەیەکی میتودییە و بەسەر دەرهێنەری نمایشدا تێپەڕیوە، چونکە دەبێ ئەم نمایشە لە شەقامیش نمایشێکی داخراو بێت و بینەر نەتوانێت بیێتە کارەکتەر تێیدا، مەگەر تەنیا لەو کاتانەی کە ئەکتەرەکان وەک ئەکتەر، واتە وەک کەمال و نەهرۆ مامەڵە لەگەڵ بینەر بکەن، چونکە تەنیا کەمال و نەهرۆ لە دەربەندیخان بوونیان هەیە و هەرچی دوو جەنگاوەرەکەیە لە چۆڵەوانیدان و خەریکن لە برسان دەمرن.

بەڵام لەبەر ئەوەی بەو ستافە وتراوە کە دەبێ شانۆی شەقام پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بینەر هەبێت و دیالۆگ لەگەڵ بینەر بکات و بینەر بکاتە بەشێک لە ڕووداوەکان، ئەو ئازیزانەمان بازیان بەسەر میتود و مەنتیقدا داوە بۆ ئەوەی شانۆکەیان فۆرمی شانۆی شەقام وەربگرێت.

ڕاستییەکەی ئەگەر بەشداری پێکردنی بینەر خەسڵەتێکی شانۆی شەقام بێت و یەکێک لە لایەنە تەکنیکەکانی ئەم شانۆیە بێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک مەرج نییە و ئەو نمایشانەی کە کۆنتاکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ تەماشاکەران نییە، ئەوانە شانۆی سەر شەقام نین، هەر بۆ نموونە نمایشەکەی شاری زاخۆ هیچ کۆنتاکتی لەگەڵ بینەر نەبوو، بەڵام شانۆی سەر شەقامیش بوو، نمایشەکەی (تولیدی لەیل و مەجنوون) کە یەکێکە لە باشترین نمایشەکانی سەر شەقام بوو، هیچ لێکەوتەیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بینەر نییە و لە هیچ شوێنێکدا دیالۆگ لەگەڵ بینەر ناکات.

فاکتەرێکی تر کە وا دەکات ئەم شانۆیە کێشەی بوونی لەسەر شەقام هەبێت، شێواز و ستایلی ئەداکردن و نواندنی ئەکتەرەکانیەتی، بە تایبەتیش ئەدای کەمال عەلی، لەم نمایشەدا ئەدایەکی قووڵی ستانیسلاڤسکییانە بەسەر نواندنی ئەکتەرەکاندا زۆر زاڵە و کار دەگاتە ئەوەی کە کەمال عەلی لە هەندێ شوێندا هەوڵ دەدات بگریت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری سۆز و هەستەوە، ئەم ئەدایە لە شەقام ئەدایەکی پەسەند نییە، هەرچەندە هەندێ جار لە نمایشی تریشدا دووبارە دەبێتەوە وەک نمایشەکەی (کێ لە گەڵمە؟)ی هونەر تاهیر لە شاری کۆیە، بۆیە کەمال عەلی زۆر بە قووڵی دەچێتە بەرگی کارەکتەری سەربازەکەوە، بەڵام لە شەقام ئەوەمان پێویست نییە، ئەوەندە بەسە تۆ بە بینەری نیشان بدەیت کە ئەدای سەربازێک دەکەیت، چونکە خۆی لە خۆیدا شانۆی شەقام شانۆییەکی فەنتازییە و پشت بە واقیعییەتی گریمانەکراو و گەمەیەکی هونەری دەبەستێت، لە نێو هۆڵدا ئەکتەر دەتوانێت بینەر بخەڵەتێنێت و قەناعەتی پێ بکات کە ئەوەی بەرانبەریەتی خودی کارەکتەرەکە خۆیەتی، نەوەک ئەکتەرێک، ئەمەش بەهۆی کۆمەڵێک کارتێکەری دەنگی و ڕەنگی کە زیاتر لە نێو هۆڵدا بە هۆی ئەو کەشە تایبەتەوە دروست دەبێت، بەڵام لە شەقام ئەم حاڵەتە هەم قورسە و هەم پێویستیش نییە، چونکە بینەری شەقام پێویستی بەوە نییە وەک بینەری گریگی لە ڕێی هەست و سۆزەوە بجوولێنرێت، بەڵکو پێویستی بەوەیە کە لە فۆرمێکی هونەری ئیستێتیکی پرسێکی بۆ بجوولێنیت کە تێیدا مەنتیقی عەقڵ بەسەر مەنتیقی سۆزدا زاڵ بێت.

شانۆی شەقامیش ئەوەندەی لە یارییە کۆنەکانی میللەتان نزیکە، ئەوەندە خەسڵەتی ئەوەی تێدا نییە کە شانۆییەکی ڕیالیزمی، یان سروشتی کۆپیکراو بێت، چونکە لەو کات و ساتەدا هەر چوار دەوری بینەر شانۆی سروشتی و واقیعییە، بۆ نموونە دەمەقاڵێی کڕیار و فرۆشیارێک شانۆییەکی واقیعییە، کێشەی نێوان پۆلیس و عارەبانچی، شانۆییەکی واقعییە، نمایشکردنی فرۆشیارێک بۆ ڕاکێشانی کڕیار شانۆییەکی واقیعییە.

کەواتە بینەر هەر چوار دەورەی شانۆیەکی واقیعییە و هیچ سەرنجی ڕاناکێشێت، بەڵام تۆی شانۆکار بۆ ئەوەی سەرنجی ئەو بینەرە بەلای خۆتدا ڕابکێشیت، دەبێ نمایشێکی جیاوازت هەبێت، نمایشێک بۆ ئەو بینەرە مایەی هەڵوەستە و تێڕامانە و لە دەوروبەری کارێکی باو نییە.

ئەگەرچی نەهرۆ مەلا محەمەد لە نێو ئەو نمایشە ڕیالیزمییەدا یەکێکە لە جەمسەرەکانی نواندن، بەڵام وەک ئەکتەرێکی جیاواز کۆمەڵێک تەکنیک لە جەستە و دەنگ و جووڵەی نەهرۆدا هەن کە زیاتر لە فۆرمی ئەکتەری شەقام نزیکی دەکەنەوە و ڕەنگە وەک ئەکتەرێکی شەقام زیاتر پەسەند بێت، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئایا کەمال ئەکتەرێکی باشە، یان نەهرۆ

ئەکتەرێکی باشترە، بەهیچ شێوەیەک ئەوە نییە، پێوەرەکە لێرەدا تەنیا ئەو تەکنیکانەن کە لای نەهرۆ هەن و لەگەڵ فۆرمی ئەکتەری سەرشەقام یەک دەگرنەوە، ڕەنگە نەهرۆ ئەو فۆرمەشی لە ئاگاییەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، بەقەد ئەوەی فۆرمێکی خۆڕسکی ئەو ئەکتەرە بێت کە دەتوانێت لە سەر شەقام سەرنجی بینەر ڕابکێشێت، بۆیە بەلای منەوە وەک ڕای تایبەتی خۆم وەک نووسەر بەدەر لە ئەندامی لێژنەی دادوەری، بردنەوەی خەڵات لەلایەن نەهرۆوە بۆ ئەوە نییە کە نەهرۆ ئەکتەرێکی بە ئاگاتر و داهێنەرترە لە فۆرمی شانۆی شەقام، چونکە ئەگەر ئەوە ڕاست بێت، دەبوایە نەهرۆ وەک دەرهێنەری نمایش ئەم تێگەیشتنە بەسەر سەرتاپای نمایشەکە ورد بکاتەوە و نمایشەکە بگوێزێتەوە بۆ ئەو فۆرمە شانۆییەی کە لە شەقام پەسەند دەکرێت.

## کێ لە گەڵمە؟
## ڕەنگە من لەگەڵت نەبم.

(کێ لە گەڵمە؟) یەکێک بوو لە نمایشە شانۆییەکانی فیستیڤاڵی دەربەندیخان، کە بەرهەمی گرووپی شانۆ بۆ شانۆی شاری کۆیە بوو، ئەم نمایشە بیرۆکە و دەرهێنانی هونەر تاهیر و نواندنی هەوراز حەمەد بوو.

نمایشەکە باس لەو ئاستەنگانە دەکات کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان دەبێتەوە، بەتایبەتیش لە شوێنە گشتییەکان، کە لە ئەندازە و دروستکردنی ئەو شوێنانە ڕەچاوی بارودۆخی ئەوان نەکراوە.

ئەم نمایشە وەک بیرۆکە بووە خاوەنی خەڵاتی باشترین بیرۆکەی فیستیڤاڵ و توانی سەرنجی بینەرانی نمایش بۆ ئەو کێشە مرۆییانە ڕابکێشێت و کاریگەری بەسەر بینەر و بەرپرسانی ئەو شارەش دروست بکات، ئەوەبوو بەرپرسی یەکەی ئیداری شارەکە دوای نمایشەکە بڕیاری دا بەڕەچاوکردنی بارودۆخی ئەو ئازیزانە هەندێ ئاسانکاری لە شەقام و شوێنە گشتییەکان بکات تا یارمەتی ئەو توێژە ئازیزە بدات.

تا ئێرە من نمایشەکە بە کارێکی ئیجابی باش دەبینم کە دەتوانێت ئەو ڕەنگدانەوەیە دروست بکات و حکوومەتی ئەو دەڤەرە ناچار بکات کە بیر لە چارەسەری ئاریشەی هاووڵاتییە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان بکاتەوە، بەتایبەتیش کە دەرهێنەر زۆر زیرەکانە شوێنی نمایشی هەڵبژاردبوو، بینایەی قائمقامیەتی دەربەندیخان بوو، کە نوێنەرایەتی حکوومەت دەکات لەو دەڤەرە، لەوەش گرنگتر ئەوەبوو کە خودی بینایەکە و چوونەژوورەوەی کێشەی زۆری بۆ ئەو توێژە دروست دەکرد، چونکە بۆ گەیشتن بە بینایەکە دەبێت بەسەر پێپلیکانەیەکی بەرز سەربکەویت، ئەمەش بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان ئەرکێکی قورسە و چونکە هیچ ئاسانکارییەک لەڕووی بیناسازییەوە بۆ ئەوان لەو باڵەخانەیەدا نەکراوە.

کەواتە لێرەدا تێدەگەین کە هەڵبژاردنی شوێن دەتوانێ هاوکارێکی باش بێت لە گەیاندن و بەرجەستەکردنی شانۆی شەقام، ئەگەر ئەم نمایشە بگوێزیتەوە شوێنی تر ڕەنگە ئەو خاسییەتە لەدەست بدات کە وا دەکات نمایشەکە لە شوێن و کاتی دروستی خۆی پێشکەش بکرێت و گوتارەکەشی ڕووبەڕووی ئەو کەسانە بکاتەوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ کێشەکە هەیە.

لەوەش زیاتر دەرهێنەر زۆر زیرەکانە لە کۆتایی نمایشدا یادداشتنامەیەکی کراوە بەناوی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی دەربەندیخان ئاراستەی دەسەڵات دەکات تا کێشەکانیان چارە بکەن و داواش لە ئامادەبووان دەکات کە بە پەنجەمۆرکردنی یادداشتنامەکە بەشداربن لە داواکردنی مافی ئەو توێژەی دەربەندیخان، ئەمەش وا دەکات کە نمایشەکە تەجاوزی ئەوە بکات کە نمایشێکە و لە فیستیڤاڵێکی شانۆیی نمایش دەکرێت و بگات بەوەی ببێتە گردبوونەوەیەکی شارستانی بۆ بەرگریکردن لە ماف و پێداویستی کۆمەڵێک کەس کە بەدەست پێشێلکردنی مافەکانیانەوە گرفتار بوون.

تا ئێرە نمایشەکە بەتەواوی ئەو ئامانجانە دەپێکێت کە بۆی دیاری کراون، بەڵام ئەوەی لای من دەبێتە جێگەی سەرنج و مایەی هەڵوەستە لەسەرکردن، تەوزیفکردنی ئەو بیرۆکەیە لە فۆرمێکی شانۆیی سادە و هەژار لە ڕووی جوانکاری و خەیاڵ و فەنتازیا و دروستکردنی وێنەیی شانۆیی.

لەم نمایشەدا ڕەگەزێک نییە بە ناوی دراما و ئەوەی هەیە گێڕانەوە و پاڕانەوەی کەسێکی کەمئەندامە کە هەوڵ دەدات بەزەیی کۆمەڵگا بجووڵێنێت بۆ ئەوەی مافەکانیان دابین بکات.

لێرەدا کێشەی گەورە لای من دروست دەبێت لەو فۆرمەی کە هونەر وەک دەرهێنەر بۆ ئەو کەسە کەمئەندامەی دروست دەکات و زیاتر وەک کەسێک وێنای دەکات کە مایەی بەزەییە و پێویستە سۆزمان بجووڵێت و یارمەتی بدەین و بەزەییمان پێدا بێتەوە، ئەمە خاڵی یەکەمی ناکۆکی منە لەگەڵ ئەو نمایشە،

چونکە هونەر ئەکتەرەکەی وا نیشان دەدات وەک ئەوەی خۆی کەمئەندام بێت و خەڵکەکەش بەزەییان پێدادێتەوە.

دروستکردنی ئەم وێنە سلبییە لای من وێنەیەکی نەخوازراوە، چونکە کەمئەندام هاووڵاتییەکی ئاساییە و مافی دەستووری خۆی هەیە وەک چۆن لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ هاتووە، بۆیە ئەوانە بۆ ئەوە نین ئێمە بەزەییمان پێیاندا بێتەوە، بەڵکو ئەرکە لەسەر ئێمەو دەسەڵات کە مافەکانیان بەسەربەرزی و وەک هەر کەسێکی ئاسایی دابین بکرێت، بێ ئەوەی ئەوان ناچار بکەین بکەونە حاڵەتی کڕووزانەوە و پاڕانەوە، کە ئەمە لە شکۆمەندی ئەو کەسانە کەم دەکاتەوە و هەستی خۆ بەکەم زانینیان تێدا زاڵ دەکات.

بەبڕوای من بەهیچ شێوەیەک دروست نییە ئێمە لە نمایشێکی وادا بەشێوەیەکی ستانیسلاڤسکییانە کار لەسەر سۆز و بەزەیی بینەر و دەسەڵات بکەین و هەوڵ بدەین بە بەزەییەوە لە کەسێکی کەمئەندام بڕوانن و لە سۆنگەی بەزەییەوە یادداشت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان مۆر بکەن.

ئەوەی وای کرد ئەم نمایشەش لە شکۆمەندی خەڵکی کەم ئەندام کەم بکاتەوە، ئەو شێوازە تەمسیلییەی ئەکتەری ئەو نمایشەیە کە دەیەوێت قەناعەت بە بینەر بکات کە بەڕاستی کەسێکی کەمئەندامە و شایستەی بەزەیی و سۆزە، ئەمەش ڕێگایەکی هەڵەیە بۆ ئەوەی بینەر بە نمایشەکەت ببەستییەوە، چونکە ئەم کارتێکردنە سۆزدارییە ئەوەندەی بەزەییە، ئەوەندە تەماسێکی عەقڵانی نییە تا بینەر بە هۆشیارییەوە ئێستا و داهاتوو کار بۆ سەندنی مافی ئەو توێژە بکات و شکۆ و کەرامەتیان بپارێزێت لەوەی بکڕووزێنەوە بۆ ئەوەی ببنە مایەی سۆز و بەزەیی.

کاتێ ئەکتەری شەقام دەچێتە نێو ئەو حاڵەتە تەقەموسییەی کە هەندێ نمایشی هۆڵ پێویستی پێی هەیە، لەو کاتەدا تووشی گرفتێکی گەورە دەبێت و بینەر دەخەڵەتێنێت و وا لەبینەر دەکات لەبیری بچێت کە ئەوە نمایشێکی شانۆییە و شایستەی ئەوەیە بە لۆژیکی عەقڵ و جوانبینی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین نەوەک وەک واقیعێکی حەقیقی و دیفاکتۆ قبووڵی بکەین، چونکە ئەو گوتارەی کە لە شانۆی شەقامدا زاڵە گوتاری شانۆیی واقیعی و سروشتی نییە، بینەر ڕۆژانە لە پارک و بازاڕەکان ئەم فۆرمە لە کەسی ڕاستەقینەوە دەبینێت کە پێویستییان بە تەقەموس و نواندن و لە قاڵبدان نییە، ئەوەی بینەر چاوەڕێی دەکات ئەو واقیعە گریمانەکراوەیە، کە هەم خەسڵەتی هونەری و جوانکاری و چێژی بینینی تێدایە، هەمیش واقیعێکە کە قابیلی تێڕامان و قووڵبوونەوەیە و لە واقیعی ئاسایی جیادەکرێتەوە.

ئەم حاڵەتەی سەرەوەش دەرەنجامی ئەوەیە کە لە نمایشەکە ڕەگەزەکانی دراما بوونی نییە، چیرۆک نییە، خەیاڵ و جوانبینی و چنین نییە، وێنەی شانۆیی نییە.

داڕشتنی بیرۆکەکە تەنیا یەک وەزیفەی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە خەڵک بەزەیی بەو پیاوەدا بێتەوە کە لای هەمووان خۆی وەک خاوەن پێداویستی تایبەت و کەسێکی بێ قاچ پێناسە دەکات، لەیەک چرکەشدا بینەر هەست بەوە ناکات ئەمە شانۆگەرییە و پەیامی ئینسانی هەڵگرتووە کە دەیەوێت لە فۆرمێکی هونەری پێشکەشی بکات کە هونەری شانۆیە، بەپێچەوانەوە هەمیشە نمایشەکە وا لەبینەر دەکات کە هیچ گومانی نەبێت کە ئەو کەسەی سەر عارەبانەکە کەمئەندامە، چونکە لەو کاتانەش کە داوا لە خەڵک دەکات دایگرن تا یەکێک لە بینەرەکان بخاتە شوێنی خۆی و هەست بە ئازاری کەمئەندامەکان بکات، ئەکتەرەکەی ئێمە لەو کاتەش بوونی نییە، ئەوەی هەیە هەر کارەکتەری ئەو کەسە کەمئەندامەیە کە لەنێو خەڵکەکەدا دەکڕووزێتەوە و لە ڕێی جووڵاندنی بەزەیی بینەر داوای مافی خۆی دەکات.

من تەنیا یەک پرسیار دەکەم ئەگەر ئێمە لە جیاتی ئەکتەرەکەی نمایش، کەمئەندامێکی ڕاستەقینە بێنین و بیخەینە سەر عارەبانەکە چی ڕوودەدات، ئایا ناتوانێت هەمان وەزیفەی ئەو ئەکتەرە ئەدا بکات؟

بێ گومان دەتوانێت و ڕەنگە باشتریش ئەوای بکات، چونکە ئەو کاتە ئەو تەمسیل ناکات، وەک چۆن ئەکتەرەکەی ئێمەش هەوڵی نەدەدا تەمسیل بکات، ئەوەندەی هەوڵی دەدا کە ببێتە پیاوێکی کەمئەندام و قەناعەت بە بینەر بکات، ئەمەش ئەو جیاوازییەیە کە دەمانەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەی ئێمە دەیکەین ئەوە نییە کارەکتەرێک وەک چۆن هەیە لە واقیعدا بە خاڵ و فاریزەوە بخەینە بەردەم بینەر، چونکە ئەو کاتە هیچمان نەکردووە و تەنیا کۆپی کەسێکمان کردووە، وەزیفەی ئێمە وەک هونەرمەند زۆر لەوە ئاڵۆزتر و قورسترە، ئەوەی ئێمە دەتوانین وەک هونەرمەند بیکەین قورسە، ئەستەمە کەسێکی ئاسایی بتوانێت ئەوە بکات، چونکە ئەوەی ئێمە دەیکەین پێش ئەوەی هەر شتێک بێت هونەرە، بۆیە بە خاوەنەکەشی دەگوترێت هونەرمەند.